

# لەبری سەرگوزەشتە.... سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ

باران
ئەحمەد شافعی



لەبری بایۆگرافیای خۆی، سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ لەسایتەکەی خۆی بەم دەستەواژەیە دەربارەی نووسینەکانی خۆی و نووسین بەگشتی دەستپێدەکات. بەدوای جۆرێکی ئەدەبدا وێلم، کە بۆ تێڕوانینم بۆ جیهان گونجاوتربێت، گوزارشت لەوە بکات، کە گوێکانم دەیبستن و چاوەکانم لەژیاندا دەیبینن. ئەمیان و ئەویشیانم تاقیکردەوە، بەڵام دواجار بەوجۆرە ئەدەبەکە کۆتاییهات کەتیایدا مرۆڤەکان لەگەڵ خۆیاندا دەدوێن. لەکتێبەکانمدا مرۆڤی راستەقینە لەبارەی رووداوەگەورەکانی سەردەم قسەدەکەن، وەك جەنگ، رووداوی چێرنۆبل، یان کەوتنی ئیمپراتۆرییەتی مەزن. پێکەوە مێژووی وڵات تۆماردەکەن، و مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە، هەریەکەیان لەچەندپەیڤێکدا چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە. لەمڕدا مرۆڤ و جیهان فرە روو و هەمە جۆرن، دۆکیومێنت لەهونەردا مایەی وروژاند و بایەخپێدانی زیاترە. دۆکیومێنت لەواقیع نزیکماندەکاتەوە. لەپاش 20ساڵ لەکارکردن لەسەر ماددەی دۆکیومێنتەری و نووسینی کتێبگەلێك، دەڵێم هونەر لەتێگەیشتنی زۆرشت لەبارەی مرۆڤەوە شکستیهێناوە. هەڵبەت مێژووی وشکی کارەسات و رووداوەکان تۆمار ناکەم، بەڵکو مێژووی هەستی مرۆڤایەتی دەنووسمەوە. ئەوەی کە خەڵکی بیری لێدەکەنەوەو لێیتێدەگەن و ئەو رووداوانەش کە بەیادیاندێتەوە. ئەوەی باوەڕیان پێیەتی و بەهەڵە تێیگەیشتوون، ئەوەی بووتە وەهمیان و دەیخوازن و لێیدەترسن و تاقیدەکەنەوە. ئەوە مەحاڵە بەخەیاڵتدا بێت، یان دایبهێنیت، کە

کە بەر لە20یان 30ساڵ چۆن ژیاوین. لەهەندێك کاتیشدا شەرم لەرابردووی خۆمان دەکەین و ئەوە رەتدەکەینەوە، کە بەکردەیی لەواقیعدا چیمان بەسەرهاتووە. هونەریش رەنگە درۆ بکات، بەڵام بەڵگەنامە نا، هەرچەندە بەڵگەنامەش لێکەوتەی ئیرادە و حەزی کەسێکە. من کتێبەکانم بەهەزاران دەنگ و چارەنووس و بڕگە دەنووسم و بۆ ژیان و بوونمان دانراون. بۆنووسینی هەر کتێبێکیش پێویستم بە3بۆ4ساڵ هەیە.

دیدارەکان سازدەکەم ، لەهەر کتێبێکیشدا گفتوگۆکان لەگەڵ 500بۆ700کەس تۆماردەکەم. مێژووم چەندان نەوەی لەخۆگرتووە. لەیادەوەری شایەتحاڵەکانی شۆڕشی 1917ەوە تا دەگاتە جەنگ و گرتووخانەکانی ستالین و رۆژگاری ئەمڕۆ. کە ئەوەش چیرۆکی یەك رۆحی سۆڤییەتی و روسیاییە.

### کتێبی یەکەمم (ئەدگاری جەنگی ناژنانە)یە

پتر لەیەك ملیۆن ئافرەتی سۆڤییەتی ئەوەیان دیوە کە لەهێڵەکانی پێشەوەی جەنگی دووەمی جیهانی روویانداوە.ئەوان تەمەنیان لەنێوان 15بۆ30ساڵاندا بووە و لە زۆرێکیش لەپیشە سەربازییەکاندا لێهاتوو بوون، کەشتیوانی، شۆفێری تانك و چەك هەڵگرو نیشان شکێن و ...هتد.ئەوان بەتەنیا پەرستیار و پزیشك نەبوون وەك ئەوەی لەجەنگەکانی پێشوودا هەبوون، بەڵام لەپاش جەنگ پیاوان ژنانیان لەبیرکردو سەرکەوتنیان لەژنان دزی.

لەکتێبەکەمدا ژنە سەربازەکان لەبارەی گشت لایەنکانی ئەو جەنگە دەدوێن، کە لەلایەن پیاوانەوە ئاماژەیان پێنەکراوە.ئێمە هیچ لەبارەی ئەو جەنگەوە نازانین. پیاوان وەسفی پاڵەوانێتی خۆیان کردوە، لەکاتێکدا ژنان باس لەشتێکی تر دەکەن. بۆنموونە چەند سامناك بووە رۆیشتن بەنێو ئەو کێڵگانەی، کە پڕبووە لەتەرمی کوژراوەکان، کەوەك پەتاتە پەرش و بڵاوبوون،ژنان بەداخن بۆ ئەو کەسە کوژراوانە جا روس، یان ئەڵمانی بووبن. لەپاش جەنگ ژنانە جەنگێکی دیکەیان بەرپاکرد، ئەویش شاردنەوەی ناسنامەی سەربازیبوون و شایەتحاڵییان بوو، چونکە دەیانویست هاوسەرگیرییکەن.

### دووەم کتێبم بریتییە لە"دوا شایەتی" چیرۆکی نامنداڵێتییە

ئەم یادەوەریانەی جەنگ هی ئەو کەسانەیە، کە لەماوەی جەنگدا تەمەنیان لەنێوان 7بۆ11ساڵاندا بووە، ئەو جەنگە کە لەدیدی منداڵاتی بێ گوناهەوە وەسفکراون. جارێکیان دۆستۆیڤسکی دەڵێ: چاکەی گشتی هیچ نرخێکی نییە، ئەگەر باجەکەی فرمێسکی سەر روومەتی منداڵێك بێت.




### کتێبی سێیەم بریتییە لە(کیژۆڵەیەك لەزنك)دا

ئەم کتێبە تایبەتە بەجەنگی سۆڤییەت لەئەفغانستان، کە ماوەی 10ساڵ بەردەوام بوو. چیرۆکی ئەو جەنگەش لەلایەن زیاتر لە100ئەفسەرو سەرباز کە بەشدابوون لەو جەنگە بێ سەروبەرەدا .

دەزانین کەچۆن هەردوو جیهانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا لەکێشمەکێشێکی سەخت و بێهیوایدابوون، ئەوە چ جۆرە جەنگێك بوو، لەوکاتەدا خەڵکی بیریان لەچی دەکردەوە، چۆن یەکتریان دەکوشت و هەمووان لەپێناو مانەوەدا لەکۆششدا بوون. خوێنەرانی ئەم کتێبە کەسەیری دەکەن، وادەزانن ئێستا نووسراوە نەك رۆژگاری جەنگ. ئێمە شایەتحاڵی تراژیدیای 11ی سێپتەمبەریت، کاتێك جیهان لەرۆژێکدا بەشێوەیەکی ریشەیی گۆڕدرا. کتێبەکە لەبری پێشکەوتن پاشەکشە دەکات تادەگاتە چەکدار نەك بێ چەك.

### نوێژی چیرنۆبڵ : مێژووەکانی ئایندە

لەپاش کارەساتی چیرنۆبڵ ئە جیهانەی تیایدا دەژین جیاوازە. لەراستیدا بەنزیکەیی هەردو کارەساتە لەیەك کاتدا بوون، یەکێکیان کە چیرنۆبڵە

سڤێتلانا ئەلێکسیێڤیچ






سۆسیالیزم بوو، کە تێگەیشتن لێیان گرانە. کارەساتی دووەم کارەساتەکەی تری شاردەوە، چونکە هەموومانی سەرقاڵکرد. گشت بیرکردنەوەمان لەبارەی کارەساتە گەورەو بچووکەکان سوودیان نییە.

### مامزی نازدارو راوێکی هەمیشەیی

لەم کتێبەدا چیرۆکی 100 پیاووژن لەبارەی حەزەکانی مرۆڤ و شکست و خۆشییەکانیان، بەڵام خوێنەر لەم کتێبەدا رێکەوتی چی دەکات؟ هەمووشتێك چارەنووسی یادەوەرییەکانە. بەبێ مردن تێگەیشتن لەژیان مەحاڵە. خۆشەویستی بەرەو قوڵایی حەزەکانمان دەمانبات. مرۆڤیش نە شەیتانەو نەفریشتەیە، بەڵکو لەنێوان هەردوکیاندا راوەستاوە. خەڵکی لەئەڤیندا بەدوای ئەو شتانەدا دەگەڕێت، کە لەجەنگ و تاواندا بەدوایدا وێڵە. هەریەکێك لە ئێمە لەناخیدا پیاوان و ژنان هەن. ئێمە لەچەقی تاریکدا دەژین لەنێوان مەحاڵ و ئەوەی کە پێی ناگەین. تۆش لەخۆشەویستیدا سەرەونگوم دەبیت، هەروەك ئەوەی لەمردنیشدا وایە. ژیانی راستەقینەومردنی جەستە بەلامانەوە گرانن. مەسیح مرۆڤێك بووە، دەتوانیت لەناوەندی جەنگ لەخۆشەویستیدا بمریت. هەر مرۆڤێك بەبیردێتەوە کە لەچی دەترسێت، هەموو بوونەوەرەکانی ئەم جیهانەش ئەویتری خۆش دەوێت- گوڵ، درەخت، پەپوولە، کرم، باڵندە.

تەکنەلۆژیای سەردەمیش ناتوانێت لە پێویستبوونمان بۆ خۆشەویستی و هەستکردن و نەهامەتی رزگارمان بکات. کۆدەکانی مرۆڤایەتی فشۆڵ و بێ بەزەین و ئازاریش هونەرە. مردنیشمان سادەو تەواو نزیکە و هەموو شتێکی روسیش لێوانلێوە لەپەژارە.

**سەرچاوە: ئەلمەدا**



فایلی ژمارەی داهاتوو

سەمەدی بیهرەنگی